**بابەت چاوپێکەوتن**

لەڕێگەی چەمکی باوەڕی بوون بەپردنەک بەبەربەست لەهەوڵی ئەوەدام تەرزێکی نوێ بۆتێگەیشتن بەهۆی ئامادەکردنی چاوپێکەوتن لەگەڵ شارەزایانی بواروخاوەن ئەزموون بەهەژاندنی پرسە بوێرەکان بهێنینەکایەوە ...ڕاستییەکەی دەمانەوێت پردێک بۆپەڕینەوەلەنێوان کوردستانوهەندەران دروست بکەین لەوپێناوەشداسودوەرگرتن لەتواناخۆییەکان بەپێویست دەزانین بۆگەیشتن بەو ئامانجە!.. هەربۆیەش میوانی ئەم جارەم براینەکادیرەتۆێژەرلەبواری زانستی سێکس.

لەسەردانێکی تایبەتمان بۆژوانی (براینەکادیر)و لەدانیشتنێکی چەندکاتژمێریداو لە ڕێگەی دووجارهاتوچۆو،وبەهۆی پرسیاری ئێمەووەڵامی ئەوگەیشتینە ئەم چاوپێکەوتن وخوێندنەوە،چڕەکەبەپێویستمان زانی وەکوخۆی بڵاویبکەینەوە.تاخوێنەری کوردی زیاتر لەباسەکانی سێکس ی ئەم زەمانە بەئاگابێت...

سازدانی : **کامەران ئیسماق پەری**



بەرلەوەی دەستپێبکەین ..**پێم گووت سوزان ئەڵێت**:!؟

خوایە گیان: من هەمووشتێک لەوبارەیەوەدەزانم، کەمنداڵ لەکوێوەدێن!
لەناودایکیانەوەدێن وباوکیان ئەیانخەنە، ناودایکیانەوە
منالان لەپێشدالەکوێ بوون ؟ لەبەهەشت داتنابوون ؟ چۆن لەوێ
هاتنەخوارەوە؟خۆت ئاگات لێان ئەبوو؟ تکایەوەڵامی هەمووپرسیارەکانم
بدەرەوەمن هەمیشەبیر لەتۆ ئەکەمەوە

دڵسۆزت سوزان ( نامەی منالّ بۆ خوالاپەرە38 )

* بەڵگەهەیەکەسەدام حسێن لەمنداڵیدادەستدرێژی لێکراوە......

*خوا و سێکس دوزارەوی هەرە زۆربەکارهاتوی
بیروهزرو سەرزاری مرۆڤایەتین....



براینەکادیر

## 2 ـ 1

ـ پێت چۆنەئەگەرسەرەتای پرسیارەکانمان بەوەدەستپیبکەین وبڵێن سێکس مانی چییە؟

براینە ـ بەرلەوەی بێمەسەروەڵامی سێکس مانای چیەلەکوێوەسەرچاوەی گرتوەدەمەوێت بڵێم کەلای من دووزاراوەهەیەزۆرمەزنن ،چەندیش لەسەریان بگۆین ناتوانین بگەینەئەنجامێکی دروست بۆیان، ئەودووشتەش سێکس ومرۆڤە،بەڵام بەداخەوەهەندێک جاربارى ڕامیاری ،ئابووری،باوەڕ،داب ونەریتی باو،نرخیان کەم وزۆرپێدەکات ،وەبۆئەوەی بگەینەپێناسەیەکی گونجاوبۆسێکس، دەبێت بەسێ فۆرم باسی لێبکەین وە بەشێوەیەکی گشتیش زانستی سێکس وشەیەکی لاتینی کۆنەسەرچاوەکەشی لەسیکس یوسی لاتینی هاتوە{sexus }ماناکەشی‌واتەزانستی ڕەگەز،توخم کەلەسەرەتادابۆجیاکردنەوەی توخمی نێرلەمێ لە فەرهەنگی زیندەوەرزانیدابەکارهاتوە.ئەمڕۆش لۆگـــــی پیۆەلکێنراوەبۆئەوەی ببێتەزانست وبەناوی سیکسۆلۆگی بناسرێت لەلای خەڵکی لێتان ناشارمەوئەم زانستەزانستێکی نوێیە،ڕاسترتازەخەریکین بەزانستی لەقەڵەم بدەین ،لەزانستی تر جیابکەینەوە.کەباسی سێکس دەکەین دەبێت باسی هەمووزانستەکان بکەین،چونکەهەمووی لەسێکسداخۆی دەبینێتەوە وەک زانست دەناوەک بەکارهێنان لەسەرزاری مرۆڤایەتی زۆرترین بەکارهێنانی هەیە،هەربۆیەش ڕاستەگەربڵێن تەنهادووشەهەیەکەهەموومرۆڤایەتی ڕۆژانەزۆرترین ئاماژەوزۆرترین بەکارهێنانی بۆهەیە ئەودووشەیەش خوا ـ سێکس ە کەبەداخەوەشەرم دەکەین بەئاشکرالەهەردوکیان بدوێن وەپێم وایەپەیوەندیەکی ئەوتۆی توند هەیەلەنێوان خواوسێکس، دەنامرۆڤایەتی هێندەلەخەمیان نەدەبوو!....چۆن ؟

خواوسێکس هەردووکیان دووشتن کۆمەڵێک‌سەرنج ،شەرم ،ترس،پرسیاری ئاڵۆزی بێ وەڵام لەدەورخۆکۆکردۆتەوەبەوەڵامی یەکێکیان ئەوی ترژیانت لێ ئاڵۆزتردەکات ..هتد

ـ کەوابێت من دەپرسم ئایاخوامرۆڤی دروست کردوە،یان سێکس مرۆڤی هێناوەتەبوون؟

براینە ـ بۆوەڵامی ئەم پرسیارەپێویستەسێ تەرز بخەمەبەردەم ؟خوێنەریش سەرپشک بێت لەهەڵبژاردنی یەکێکیان،بەڵام هەرکامێک هەڵبژێریت دروستکەرورێکخەری ژیانت بۆدەدۆزرێتەوە!

ئەم سێ تەرزەش بریتین لە 1باوەڕی ئاینی 2 داروین 3 مرۆڤ ویۆفۆ.

گەرپشت ببەستین بەچیرۆکی دروست بوونی مرۆڤایەتی بەپێی ئەوەی کەلەئاین وباوەڕەئاسمانیەکان ئاماژەی پێدراوە،ئادەم دەبێتەپاڵەوان ودروستکەری مرۆڤایەتی !چۆن؟ مرۆڤ بەپێی ئاین خوادروستی کردوە......

تەنهابونەوەریشەکەووشەی مرۆڤی پێبەخشراوەولەناوهەمووشیان ڕێزدارتربوەلەلای خوا،لەپێناوئەم ڕێزلێنانە،خواحەوای بۆدروست کردبۆئەوەی هەست بەتەنیای نەکات ولەبەهەشت زویر نەبێت.لەپاش دروست کردنی حەوا،ئادەم ژیانی باشتر بوەبەڵام لەناکاوبەهۆی {سێوی زانست} وبەهانی حەواهەردووکیان لەبەهەشتی خودا دەرکران وکەوتنەسەرئەم زەوییە،یەکەم شتیش کەهەستیان پێکردبێت ڕوتبونەوەی خۆیان بوە،!

مەبەستت لەسێوی زانست،ئەوسێەویەکەئادەم وحەوالەسەری لەبەهەشت دەرکران،

بەڵێ بەپێی بۆچونەکانی ئاین ئەوسێوەی کەزانست بۆچونێکی تری بۆهەیەکەپاشان دێمەسەرباسی، گەرتۆباوەڕبەم ئەفسانیەبکەیت یان ناڵەکۆتایدادرک بەڕاستیەک دەکەیت ئەویش ئەوەیەلەورۆژەی کەئادەم وحەوا ڕاموسان یان پێکەوەناڵەش تامیان هەست پێ کرد ،زانستی سێکس دەستی پێکردوە،وەنەوەکانی ئادەم وحەواکچ و کوڕەکانیان خوشکوبراکانی یەکتری مرۆڤایەتیان پێ دروست کرد.

تیۆرەزانستیەکەش ـ باس لەوەدەکات کەلەئەنجامی توێژینەوەی زانستی ،لەتاقیگەکانی تایبەت بەزانین ودەستنیشانکردنی،توخم دەرکەوتوەکە،کرۆمۆسۆماتی شەمپازیانزیکترین گیان لەبەرەلەمرۆڤەوە،ئەم تیۆرەش بەسێکسی سروشت ناودەبرێت

ـ دەتەوێت بڵێت کەئێمەلەبنچینەداله شەمپازەهاتوین ،داروین ئاسابۆبۆچونەکەت دەکەیتەبەڵگە !؟ ،باشەگەرئێمەلەشەمپازهاتبێتین،ئەی شەمپازخۆی لەکوێوەهاتوە؟

زۆربەورودی ناچمەئەوەی کەشەمپازیاچۆن هاتوە،لەبەرئەوەی منیش مافی خۆمەبپرسم ئەی خوالەکوێوە هاتوە،؟بۆئەوەی لەوەزیاترلێت ئاڵۆزنەکەم تیۆری زانستی وەڵامی هەردووپرسیاری تۆش ومنیش دەداتەوە ...مەبەستت لەمرۆڤ وەک بونەوەرێک،؟

بەڵێ پاش چوارملیار ساڵ زەوی بەگەشەکردن تێپەڕاوەلەیەکەمین خانەی زیندوکەپێی ئەمیبیاوەبەگەشەکردن وەتێپەڕین بەچەندقۆناغێکی ئاڵۆزگەیشتوەبەوگیان لەبەرەی کەئەمڕۆپێی دەوترێت مرۆڤ بەمانایەکی ترئێمەکەسی نزیکی هەمووگیان دارێکین بەهۆی کرۆمۆسۆمەکانمان،ئەگەربەوردی ،بەچاوێکی توێژینەوەوەتەماشای شامپازبکەین لەبواری دروست بونی بایلۆژی لەبواری کرۆمۆسۆم زانی ،لەبواری هەڵسەوکەوتەکردوە،لێکچونمان زۆررزۆرە،جیاوازی بەینی مرۆڤ وشامپازیەک کرۆمۆسۆمی بچوکە،باشە پرسیاردەکرێت بۆچی شامپازیاشامپازیایەومرۆڤ مرۆڤە هەردووکمان خاوەنی یەک نەژادیشین لەئەنجامی ئاوهەوا،لەئەنجامی جیاوازی خۆراک خواردن دەگەرێتەوەبۆکەمێک لەنەبوونی جین...لەئەنجامی گەشەی مێشک،لەئەنجامی گەشەی زاوزێ گۆڕانکاری هاتوەبەسەرکرۆمۆسۆمەکان.بەشێک لەشمپازیەکان ماونەتەوە لەدارستانەکانی کیشوەری زەردی ئەفەریقا،گۆڕانکاری نەهاتوەبەسەرکرۆمۆسۆمەکانیان،بەڵام نەژادەکانی ئەوان لەئەنجامی کۆچ کردن ،لەئەنجامی گەشەی باری ژیانیان لەڕوی خۆراک ،باشی تەندروستی ،گەشەی تەواوبەمێشکیانداهاتوە،ئەوەش کاریگەری هەبوەلەگەشەکردنی کرۆمۆسۆمەکان نەژادی تازەدروست بوە،لەسەرخۆوبەکاتێکی زۆرولەسەرخۆواتەلەئەنجامی سێکسدانەژادی بەهێزتروژیرتر هاتۆتەکایەوە، ئەو ئامێرانەی کەلەلایەن نەژادەنوێکان بەکارهێنراوەبۆڕاو،گەشەی مێشکی تیابەدی دەکرێت.ئەم مرۆڤەی کەئێمە ئێستادەیبینین سەدهەزارساڵی تروەک ئێستانابێت،چونکە بەڵگە نەویستە، مێشکی گۆڕانکاری بەسەدادیت ژیرتدەبێت زیرەکی بەخێرایی گۆڕانکاری بەسەرکرۆمۆسۆمەکان دێت لەماوەی ڕابردوئێسقانێکیان دۆزیوەتەوەکە تەمەنەکەی سیانزەملیۆن ساڵە،ئەمەبریتیەلەمەیمونیک ،کەئەمەدەبێتەنەژادی شەمبازوومرۆڤ شەمبازپاشان مرۆڤ

تێوری سێهەم مرۆڤ بەهۆی یۆفۆ هاتۆتەسەرزەوی

بێگومان بمانەوێت یان ناخۆشیمان بێت یاتاڵی مرۆڤ بونەورێکەژیاوەلەسەرگۆی زەوی

زانایانی گەردون زانی وبۆشای ئاسمان گەیشتونەتەئەوئەنجامەی کەسەدملیارمەجەڕ هەیەهەموومەجەڕێکێش خاوەنی سەدملیارئەستێرەیەکارێکی سەیردەبێت کەتەنهازەوی ژیانی تیابێت ،ئێستازۆرزانا گەیشتۆتە ئەوباوەڕەی کەژیان لەهەسارەیەکی ترهەیە هەندێک لەزاناکان وابیردەکەن وابۆچونیان هەیەکەبەردی بناغەی ژیانیان ئەوەی کەپێی دەوترێت ئەمیبیا،لەگەردونەوەهاتبێتنەسەرزەوی باشتر بۆئەوەی ڕونی بکەمەوە،ئەم ئاودەریایەی کەلەسەرزەوەی هەیەلەبنچینەداکۆمێتەوەهاتوە،لەئەنجامی بەرکەوتنی نەیزەک بەزەوی دوایش قۆناغی ئەمیبای گەشەدەکات ودەگەڕێنەوەبۆتیۆری دووەم ،هەندێکی تر چ زاناچ مرۆڤی ئاسیی دەڵێن : لەهەسارەیەکی ترەوەمرۆڤ هاتونەتەسەرزەوییو ئادەم وحەوایان بەجیادروست کردوەوگیان داروڕوەکێسێان بەجیادروست کردوە،ئەمەنزیکەلەتیۆرەئاینیکەوەسەبارەت بەدەرکەوتنی ئادەم وحەوا،بەڵام یەک ڕاستی

هەیەدەبێت لەبیرنەکرێت ماوەی بەینی زەوی وکەکەبی ترلەنێومەجەرەکانداهەیەهێندەدورەکەهیچ ئامێرێک هۆیەکی گواستنەوەنییە،نزیکترین کەوکەب کەنزیکەلەزەویەوە،لەماوەی ئەم پێنج ساڵەدۆزراوەتەوە،پانزەساڵی تیشکەواتەئەگەر بەکیلۆمەتربپێوین دەبێت سێسە دهەزارکیلۆمەتر تیشک لەیەک چرکەدادەبیرێت ئەوماوەیەزۆرزۆردورە.بۆنمونەئەوتیشکەی کەلەرۆژەوەدەگاتەزەوی 8.5 دەقەی پێ دەچێت کەتەنهاسەدوپەنجاملیۆن کیلۆمەتردورە،ماوەی بەینی مانگ وزەوی یەک چرکەیەلەتشکدا.

ـژینگەئاوهەواوکەش گەرماهیچ کاردەکەنەسەرسێکس؟هیچ پەیوەندیەکیان بەیەکەوەهەیە.؟ ئایاڕاستە پلەی گەرماکار لەزۆربونی ئارەزووی سێکسی لای مرۆڤ دەکات !؟

براینەـبێگومان هەمووشتێک لەدەوری مرۆڤکاردەکاتەسەرسێکس هەرلەباوەرەوەبیگرەتادەگاتە خواردنوخواردنەوەی مرۆڤ گەرماش یەکێکەلەورەگەزانەی کەرۆڵی خۆی دەبینێت لەسێکسدابەڵام بەومانایەنا،بگرەبەومانایەی کەلەباری ئاوهەوایارمەتی دەردەبێت بۆبزواندنی هەستی سێکسی ، ئەمەقسەی من نییە،ئەمەزانست بۆی دەرکەوتوەکەرێژەی زۆربونی مرۆڤایەتی لەوشوێنانەزیاترکەگەرمن هەربۆئەمەش ئەسیوبیادەکرێت بکەینەئەوشوێنەی کەسێ ملیون ساڵ لەمەوپێش یەکەم دایکی مرۆڤایەتی تیادۆزراوەتەوە، لوسیا ناوی ئەوئافرەتەیەکەلەئەسیوباتونرائەوەبسەلمێنێت کەژینگە،ئاوهەواپلەی گەرمی کاردانەوەیەکی ڕاستەوخۆیان هەیەلەسەرسێکس.ئەگەرمەبەستمان لەسێکس زۆربون بێت!لەبەهاریشدازۆربەی گیان دارەکان لەبەهاردازاوزی دەکەن،

ـ کامیان ڕاستە کۆئەندامی زاوزێو زۆربوون یان کۆئەندامی ئەندامی سێکس ؟!

**براینە** ـ ئەم پرسیارەناوەرۆکی سیکس شیدەکاتەوەلەهەمانکاتداهەندێک لەوتەمەدەماڵێت کەبەسەر پرسیارەکانی سێکسەوەنیشتوە،لەڕاستیداهەردووکی ڕاستە،چونکەبەبێ ئەنجام دانی جوتبونی سێکسی زۆربون نایێتە کایەوەلەهەمانکاتیشدابەبێ زۆربون سێکس هیچ مانایەکی نامینێت ڕونتر هەمووسیکس کردنێک بۆدوومەبەستە، تێرکردنی فەرمانەکانی مێشک،وە زۆربونی سروشتی،بۆبەردەوامی،مەبەستم لەتێرکردنی فرمانەکانی مێشک،تێرکردنی غەریزەکانەوەک خواردن ،نوستن ،هتد..زۆربونی سروشتیش نەوەخستنەوەیە.

ـ لەباسی سێکسداژن خانەیەکی تایبەتی هەیەوتوخمی مێنەتەواوکەرتوخمەکەی ترن بۆزۆربوون ؟گەرشتێک باس بکرێت لەمەڕ ئافرەتەوچیەبەڕای تۆ لەڕوی زانستێکی وەک سێکس؟

براینەـ سروشت هەندێک شتی داوەبەمێیەکان کەم کەس هەیەدرکی پێدەکات یان هەستی پێدەکات کەهەندێکی رۆژانەلەبەرچاون بۆنمونەسروشت سکپڕبون ومنداڵ دانانی داوەبەژن ونەیداوەبەپیاووەنەبێت ئەمەتەنهاحاڵی مرۆڤ بێت،نزیکەی هەمووبونەوەرەکانی تری سەر ئەم گەردونەمێیەکان دەبنەهەڵگری تۆی نێرەکان،هەرئەوانیشن بەخێوکەرودابین کەری خۆراکی مانەوەبۆکۆرپەکان جاکەئەم ئەرکەلەسەرشانی مێنەیە بێت،دەبێت مێیەکان بەتواناتربن لەنێرەکان بۆئەوەی بتوانن ئەوگیان لەبەرەلەمەترسیەکانی لەناوچون ڕزگاربکات ،لەوپێناوەشدادەبینین کەمێشکی ئافرەت بەشیوەیەک کاردەکات کەلەیەک کاتدابەشی ڕاست وبەشی چەپ دەخاتەگەڕ بەبێ ئەوەی فرمانەکانی لێتێک بچیت ،بەپێچەوانەی توخمی نێرکەکردنی زیاترلەیەک کارلەکاتێکدامانای سەرلێتێکچون وشێواندن دەبەخشێت ....مەبەستت ئەوەیەکەمێیەکان لەنێرەکان مێشکیان بەتواناترە ؟

بەڵێ بەتواناترن ...تۆبڕوانەلای کوردەواری خۆمان دایکێکی کۆرەلادێیەکی نەگبەت لەیەک کاتداچی ئەنجام ئەدات ،بەپێیەکی بێشکەڕائەژەنێت ،بەدەستێکیشی گەنم یان برنج بژاردەکات،لەهەمان کاتداڕووی لەدەوروبەرەقسەیان بۆدەکات .

لەئەوروپاش ژنێکی ئەوروپای مۆدێرن بەپێیەکی منداڵەکەی ژیردەکات،مۆبایلەکەی بەگوێیەتی قسەی پێدەکات،بەدەستی خواردن دروست دەکات ،بەحەرەکەی دەموچاوی قسە لەگەڵ دەوروبەردادەکات .ئەمەچی دەگەیێنێت ،ئەمەئەوهێزەپیشان دەدات کەلەمێداهەیەلەتوانای کردنی چەندکاریک لەیەک کاتدابەپێچەوانەی

پیاو ڕەنگەزۆرێکتان گاڵتەبەم تیۆرەبێت،بەڵام لەڕاستیدا،زۆرگرنگەهەمووبەشەکانی دەماغ لەیەک کاتداکارپێ بکەیت.

ـ بەڵام ئەم توانایەبۆچی زۆردەرکەوتونییە!؟بۆچی هەتاسەدەی نۆزدەهەمیش بەدواوەفەیلەسوفێکی ژن دەرنەکەوتوە؟

براینە ـ هۆی دەرنەکەوتنی ژن وەک فەیلەسوفێک لەبێتوانایی ئافرەت نییە،بگرەبەشێکی لەسروشتی ژیانو پێکهاتەی بایلۆژی ئافرەت سەرچاوەدەگرێت،بۆئەمەشیان دەڵێین ،ئافرەت حاسەی شەشەمی لەپیاو بەهێزترە،واتەتوانای پێشبینی کردنی بۆشتەکان لەپیاوڕێژەکەی زیاترە،بەڵام ئەم حاسەیە لەکەیدا دەبینرێت لەوکاتانەدایەکەبۆنمونەپیاوخەوتوە...منداڵ لەژورێکی تردایەدایک بەرلەبەخەبەربونی منداڵەکە بەچەندچرکەیەک هەست دەکات ،،شتێک هەیەدەماغی ئافرەت ئاگاداردەکاتەوەکەبەرەوپیری منداڵەکەی بچێت لەکاتێکداگەرپیاوتوانای پێشبینیشی هەبێت لەپێناوفەلسەفەوزانست دەخاتەگەڕ ،هەتائەومێژووەش کەتۆڵێی باسدەکەیت ژن پایەکەی دیاری کراوی نەبوە،بەڵام لەدوای ئەوبەروارەژن دایکە،کریکارە،جەنگاوەرە،شۆفێری پاسی هاتوچۆیەلەبیریشم نەچێت کەپێت بڵێم چاوی ئافرەت هەمووکات لەپیاوان گەورەترە،. ئەمە سیفەتێکە لەچاوی پیاوبەدی ناکرێت،هەمیشەش هەستیارترن.جوانیش ڕەگەزێکی ترمانە تۆبڕوانە سروشت لەگیاندارەکاندا لەکۆی هەمووبونەوەرەکان جوانی داوەبەنێرەتەنهالەمرۆڤداجوانی دراوەبەئافرەتو لەپیاو سەندراوەتەوە.

ـ ئێمەباسمان لەزۆربون کردلەئەنجامی جوت بوونی ئەندامەسێکسیەکانی توخمی نێرومێ ..ئایاپێت وانییەلەئەنجامی زیادبونی دیاردەی سێکسی هاوڕەگەز،مرۆڤایەتی توشی قەیرانێکی تری،جیهانی داهێنانەنوێکان بێت ؟

براینە ـ دیاردەی هۆمۆسێکس وایل دیاردەیەکی نوێ نییە،ئەوەی کەنوێیەتییایدائەوەیەکەئەمڕۆکەهەندێک لەووڵاتانی خۆرئاوابەشێوەیەکی ڕەسمی ئەم مەسەلەیەلەدەستوری ووڵاتەکانیان دەچەسپێن،لەڕێگەی دەسەڵاتەتەشریعیەکانەوەئەمەش وەک پاداشتێک بۆمافەکانی مرۆڤ وبنەماکەشی ئەوەیەکەمرۆڤ ئازادەچی بکات بەمەرجێک زیان بەدەوروبەرنەگەێنێت،

ـ چۆن بەدەوروبەری ناگەێنێت؟

بەوەی کەهەندێک ڕاستی مێژوی هەیەپێویستەبیخەینەبەردەم خوێنەران ،لەوانەئادەمیزادجگەلەسیکسی هاو ڕەگەز سێکس لەگەڵ گیاندارانی وەک ئاژەڵیش دەکات،وەخۆت ئەزانیت ئەمەدیاردەیەکی باوە لەکوردستان ،تەنانەت لەئەوروپای پێش هۆشیاریش دیاردەیەکی باوبوە ،زۆری تریش زۆرێک لەم دیاردانەزاناکانی دەروون ناسی بەنەخۆشی لەقەڵەم داوە،تادواتربۆیان دەرکەوت ئەم دیاردەیەلەگەڵ دروست بوونی مرۆڤایەتی دروست بوە،بەڵام مامەڵەکردن لەگەڵ دیاردەکەلەکۆمەڵگایەکە بۆیەکێکی تردەگۆڕێت ،هەرئەمەشەوامان لێدەکات کەبڵێین عەیبەلەسێکسدانییە!؟مەرج نییەلەکۆمەڵگایەک کەئەم دیاردەیەبەنەخۆشی بانگێشی بۆبکرێت لەلایەکێکی تروابێ،بەڵام بەڕای من مرۆڤ هەتائەتوانێت خۆی لەسێکس لەگەڵ ئاژەڵ دوربخاتەوە ،چونکە دەرکەوتوەلەئەنجامی سێکسی پیاولەگەڵ ئاژەڵدا،بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێت دەبێتەهەڵگری کۆمەڵێک نەخۆشیوبەکتریاکەپاشان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆلەئەنجامی جووت بوون لەگەڵ مێینەیەک ،توشی نەخۆشی کوئەندامی زاوزێی بکات تائاستی نەخۆشی شیرپەنجە.لەوەش زیاتر توێژینەوەکان بۆیان دەرکەوت کەمەسەلەی سێکسی هاوڕەگەزتەنیالەناومرۆڤدانییەبگرەلەناوئاژەڵەکانیش دیاردەیەکی باوە،ئەمەوامان لێدە کات بڵێین سروشتی زگماکی مرۆڤ ئەوشتەی تیایە،بەڵام بەڕێژەزیادوکەم دەکات لەژێرهەندێک کاریگەری وەک ئاین ،کۆمەڵ ،هۆشیاری سێکسی ...هتدهاوڕەگەزی لەکوردەواری بەهەتیوبازی ناوازەدەکرێت ،ئەوووشەیەلەنرخی مرۆڤایەتی دادەبەزێنێت.وشەیەکەدورەلەزانستەوە،بازاڕیەوبەکاردەهێنرێت بۆسوکایەتی من لەوبڕوایەدام هاوڕەگەزی پەیوەندی هەیەبەسەرهۆکاری بایلۆژی ،درونی کۆمەڵایەتی،ڕامیاری زگماکی .پێویستەلەبیرنەکرێت مرۆڤ بەرلەهەمووشتێک مرۆڤە.

- بۆهۆشیاری سێکسی ....لەباسی هۆشیاری دالەکوێوەدەست پێبکەین ؟

براینە- بەرلەوەی مرۆڤ هۆشیاربێت بەزانستی سێکس پێویستەئاگاداری ،یان هۆشیاری ئەم شتانەبێت ،دروست بونی مرۆڤایەتی،زانستی زیندەوەرزانی،مافەکانی مرۆڤ،زانستی بایلۆژی ،ڕامیاری ،دەرون زانی ،مێشک زانی زانستی دەماغ کەلەسەرئەمانەزانیاری هەبووئەوکات دەتوانێت ببێتەخاوەن هۆشیاریاکی سێکسی گونجاو.

- ئایاڕاستەکەڕەگەزی مێنەکەمترلەپیاوبیرلەسێکس دەکاتەوە؟ ئەگەروایەبۆچی ؟وچۆن؟

براینە - لەمێیەکەوەبۆیەکێکی تردەگۆڕێت ،لەنێرێکەوەبۆیەکێکی تردەگۆڕێت بەڵام،لەبەرئەوەی توانای نەوەخستنەوەدراوەبەمێینەکان،دەبێت زیاتربیرلەسێکس بکەنەوە،دەبێت بزانین کەژنیش وەک پیاو بیرلەسێکس دەکاتەوەبەڵام کام ،مێینە؟مێنەیەک کەهەمووئارەزوەکانی تری بۆهاتبێتەدنیا،بەشێوەیەکی ئاڕاستەکراوبیرلەسێکس دەکاتەوە،بەڵام ژنێکی ڕۆژهەڵاتی لەبەرنەبوونی دەرفەت وبوارهەرگیزبیرکردن لەسێکس لەخانەی یەکەمی خولیاکانی نابێت...بۆزیاترڕونکردنەوەلەسەرئەوەی کەچۆن وبۆچی زیاتر بیرلەسێکس دەکاتەوە،ئەوەشتێکەپەیوەندی بەبایلۆژیەتوپێکهاتەئەقڵانییەکانیەوەهەیە.

- ڕۆژنامەی ئافتۆن بلادێتی سوێدی لەم ماوەیەدالەیەکێک لەباسەکانی دابەوەرگرتنی کۆمەڵێ عەینات ئامازەی بەوەدابووکەخواردنی چەندجۆرێک لەمیوەبۆنمونەکارلەدیاری کردنی توخمی مێینەونێرینەدەکات ؟ تۆدەڵێت چی ؟

براینە - من دەڵێم کیسەڵ بەکیسەڵی خۆی ،تیمساحیش ،کەدوگیان لەبەرن لەدانانی هیلکەدانەکان پلەی گەرماکارلەدەرکەوتنی نێرینەیان مێنەدەکات ،بەڵام هەرگەرماش نییە،ئەمەم بۆیەگوت تابیسەلمێنم کەمرۆڤیش گیان لەبەرێکەولەسروشتەوەهاتوە،زۆرشت کاردەکاتەسەر ڕەگەز نێربێت یان مێ بەڵام دەبێت شیبکرێتەوەکەچۆن ڕەگەزدروست دەبێت لەڕاستی دا بڕیاردان لەسەرجۆری ڕەگەز بەپرۆسەیەکی زانستی زۆرئاڵۆزتێدەپەڕێت ناکرێت هەروابەسەرپێی بخرێتەبەردم خوێنەران بەسادەترین زمان هەوڵ دەدەم ئەمەبگەێنم

تۆی نێرینەکەلەگونەکان دروست دەبێت دووجۆرتۆین.یەکێکیان هەڵگری کرۆمۆسۆمی y و هئەوی تریان هەڵگری کرۆمۆسۆمی x ،بەڵام هێلکەی مێینەکان تەنهاهەڵگری کرۆمۆسۆمی x.ن

ئەگەرتۆوی هەڵگری کرۆموسۆمی y هێلکەیەکی پیتاند ئەوادەبێتەکوڕ x , y ،وەئەگەرتۆی هەڵگری کرۆمۆسۆمی x هێلکەیەکی پیتێنراسدەبێتەکچ xx . دەکرێت هەندێک جارهۆکاری جۆری خۆراک یان دەرونی یان کۆمەڵایەتی یان مۆسیقا کاربکاتەسەرئەوەی تۆکانی y یان x دانەیکیان خێراتربگاتەبۆری هێلکەدان بۆپیتانی هێلکە ،هەرخواردنیش نییەبەتەنیا...زۆرشتی تریشە

جگەلەوش ئەگەر جوت بون لەڕۆژێکدازیاتر لەجارێک ڕوی دا واتەچەندجارێک یارمەتی دەرتردەبێت بۆدروست بونی ڕەگەزی نێر نەک مێ لەبەرئەوەی تۆوەکان کەهەڵگرتی y چالاکترن لە مەلەکردن داx بەڵام مەرج نییەهەمووپیاوێک وابێت جاری واهەیەپیاولەبنچینەداکرۆمۆسۆمەمێنەکانی لەنێرەکانی زیاترە.....بەم پێیەش دروست بونی کوڕیان کچ زۆرکەمی لەدەستی ڕەگەزی مێینەدایەزیاترلەدەستی نێرینەدایە .پاشان من ئەوژمارەیەم بینی ڕۆژنامەی ناوبراوکەکار،دەکات عەینات لەسەر500 کەس وەردەگرێت ،جیهان شەش ملیارکەسەوهەمووی لەسوید ناژیت هەمان خواردن لەکوردستان بیخۆ بەهۆی ئاوهەواکەی مادەکیمیاویەرژێنراوەکانی ناوحەوزی ئافرەت شتێکی تری لێدەکات

- لەچ تەمەنێک فێری سێکس ببین باشە ؟!

براینە - هەرلەقۆناغی کۆرپەییەوە هەرلەدروست بونی ئەندامەکانی زاوزێی کۆرپەوەیەک کەسایەتی سێکسیش دروست دەبێت بەڵام لەدوای لەدایک بوون ئەوپرۆسێسەچۆن ڕێزی لێدەگیرێ وچۆن پێشێل دەکرێت دەگەڕێتەوەبۆپلەی پێشکەوتن ودواکەوتنی خێزان.سێکس شتێک نییەفێربکرێت بۆمرۆڤ ،چونکەئێمەلەسکی دایکمان داین ڕادەهێنرێن لەسەرسێکس،مێشکی منداڵ کەلەسەرەتاترین قۆناغی دروست

بونیەتی فەرمان دەدات بۆگەڕان ودڵنیابوون لەدروست بونی کۆئەندامە سێکسیەکانمان،لەباس کردنی سێکس شەرم نەکەین.تۆئەزانیت کەم دایکی رۆژهەڵاتی هەبوەکەنێرەئەندامی کۆرپەکەی خۆی ماچ نەکردبێت ! ئەمەسوپاسە؟

براینە ـ نەخێرنەعلەت کردنەلەتوخم ورەگەزولەئەندامی مێینە،ئەودەیەوێت بڵێت بەس نەبوتۆ مێنە نەبویت !؟تاهەمووئەوزوخاوەنەکێشی کەدایکی قوڕ بەسەرت کێشاویەتی بەڵام بەدەگمەن دەبینیت دایکێکی ئەوروپایی ئەوەبکات چونکەشانازەبەخۆی وهەمووڕەگەزوپێکهاتەکانی خۆی ،ئەمەهۆشیاری سێکسیە لەکۆرپەیەوەنێرلەسەردەسەڵات ڕادەهێنرێتومێینەش لەسەربێدەسەڵاتی وڕکبوون لەخۆگۆش دەکرێت اهیزی سکس لەخۆرئاوابەگشتەی رێگای پێدەدرێت کەکاربکات ،بەڵام لەخۆرهەلاتا دادەمرکێنرێت وخەفەدەکرێت کامیان باشەوکامیان خراپەگفتۆگۆیەکی تری لێدەبێتەوەم هەڵیگرەبۆکاتی خۆی.من دەڵێم گرنگەڕێگانە گیرێت لەگەشەی بایلۆژی منداڵ ...پاشان لەهەمووی گرنگتر پێش ئەوەی ئێمەگیان دارێکی ئاینی وکەلتوری بین ئێمەگیان دارێکی بایلۆژین،چاکترەبۆبەختیاریوگەشەی ژیانی مرۆڤ ڕێزلەگەشەی بایلۆژی وفرمانەکانی دەماغ بگێرێت بۆنمونە،بەڵگەی نوسراوهەیەکەسەدام حسێن لەمنداڵیدادەستدرێژی لێکراوە...مەبەستت دەستدرپێش ئەوەی ئێمەگیان دارێکی ئاینی وکەلتوری بین ئێمەگیان دارێکی بایلۆژین ،چاکترەبۆبەختیاریوگەشەی ژیانی مرۆڤ ڕێزلەگەشەی بایلۆژی وفرمانەکانی دەماغ بگێرێت بۆنمونە **بەڵگەهەیەکەسەدام حسێن لەمنداڵیدادەستدرێژی لێکراوە**... مەبەستت دەستدرێژی سێکسیە؟

بەڵێ بۆیەلەگەورەبوندادەست درێژی لەهەموومرۆڤایەتی کرد.بەڵام ئەم باسەتەم وەژی زۆرلەسەرەوپەردەی بەتەواوەتی لەسەرلانەدراوەوپێویستی بەخوێندنی دەرونی ئەوکابرایەوەهەیە

ـ کێ دوژمنی سێکسە ؟

براینە ـ سێکس دوودوژمنی زۆرخەتەروسەرسەختی هەیەیەکەم نەزانیوجەهل دووەم باوەڕی توندڕەو ،بۆنمونەڕەنگەبەهۆی نەزانینەوە واتێبگەین کەئەنجام دانی سێکس بەهۆی دەستی خۆ بەبێ بەشداری کردنی هەردووڕەگەزکارێکی سودبەخشەولەزیانی ترمان دەپارێزێت ،کەلەڕاستیدائەمەبۆچونێکی هەڵەیە زانست سەلماندویەتی کەئەم دیاردەیەگۆشەگیری وتەمەڵی بۆبەردەوامی ژیان دروست دەکات ،هیچ کات لەکرداری سێکسی بێ جوت بوونی هەردووڕەگەزناتوانین بڵێن سێکسێکی کاملمان هەیە.

باوەڕیش کاتێک کەتوندڕەوبیت تیایدادەبێتەدوژمنیکی گەورەی سێکس،ودەبێتەدوژمنی خۆشی ڕونتر کەسێک کەدەبێتەتوندڕەوێکی ئیسلامی یان مەسیحی،یان هەرباوەڕێکی تر،لەئەنجامی جێبەجێکردنی پەیڕەوێکی ڕۆژوگرتن ئاسالەسێکس،توشی هەڵەی گەورەدەبێت ئەوکەسەی کەخۆی دەتەقێنێتەو کەسێکە،خەلەل هەیەلەخانەی سێکس کردنی داگەرمەبەست لەخۆ تەقاندنەوە،کوشتنی بێتاوان بێت .من لەوباوەڕەدام هاندانی توندڕەوی بەکوشتنی ئارەزوەسێکسییەکان بەئەنجام تردەبێت.

## 2 ـ 2

### شەرەف ؟

### هەم دڕکیشەو ...هەم گوڵێش.

ـ سێکسی ناوخێزان ،باوک لەگەڵ کچی خۆی ،دایک لەگەڵ کوڕی خۆی برالەگەڵ خوشکی خۆی ...هتد لەخۆرئاوازۆرباوە..تەنانەت جارێکیان لەیۆتۆبۆری پۆستن باسێکی دورودرێژی بڵاوکردبوو لەسەر ئەوباوکانەی کەسێکسیان لەگەڵ کچی خۆکردبووەئێستالەزیندان سزاکەیان خۆ وەردەگرن .. .لەوبارەیەوەبراینەدەڵێت چی ؟

براینە ـ بۆوەڵامی ئەم پرسیارەدەبێت هەندێک ڕەگەزبخەینەڕووکەدەبنەهۆی ئاڵۆزی ژیانوبارگرانی مرۆڤ تادەگاتەئەوڕادەیەی کەتاوانێک لەوشێوەیەئەنجام بدات ڕەگەزەکانیش ئەمانەن:

1 دروست بونی مێشکی لەوساتەوەی کەلەسکی دایکی بوە
2 باری خێزانەکەی .ئەوخێزانەی کەتیاگەورەدەبێت
3 گەرەکو ژینگەی گۆش دراوتیایدا....
4 قوتابخانەکەی
5 ئەوکۆمەڵەی کەتیادەژیت

پاشان لەهەمووی گرنگتر،ئەودەسەڵاتەی کەفەرمان ڕەوای دەکات لەووڵاتدا،بەپێی بەدواداچون لەهۆکاری دەرکەوتنی ئەم دیاردەیەدەرکەوتوەکەئەومرۆڤانەی سێکس لەگەڵ هاوخێزانی خۆدەکەن زیاتر سەربەو گروپوپێکهاتەکۆمەڵایەتییەن کەلەمنداڵیدا بەزۆرسێکسیان لەگەڵ کراوە،مەرجیش نییەهەرئەوەهۆکەی بێت ڕەنگەفەرزکردنی دەسەڵات هۆیەکی تری ئەودیاردەیەبێت..باوک کەسێکی بەهێزەلەناوخێزاندالەڕێگەی ترساندن وتۆقاندن ئەوسێکسەئەنجام ئەدات،هیچ یاسایەکێش نییەبەرەنگاری لەزۆرداری باوک بکات ،بۆیەکائەم دیاردەیەزانست ویاسابەتاوانی دەزانێت .چونکەچوتبوونەکە..پەیوەندیەکەشتێک نایەستێتەواتالەژێرناوی پیرۆزی خۆشەویستی گەورەنابیێت بۆیەدرەنگ یان زووئاشکرادەبێت ،کێشەکە لەوەدایەکەئەم کردارە،کۆمەڵێک کێشەی دەرونی خراپ دروست دەکات لەلای ئەوکەسەی کەئەم تاوانەی بەرامبەردەرئەنجام دراوەزۆربەزەحمەت مرۆڤ دەتوانێت ڕزگاربێت لەشوێنەوارەخراپەکانی بەتایبەت مێنەکان کەبێدەسەڵات ترن بەتایبەت لەکۆمەڵگای کوردەواری ،پێم وایەئێوەش لەگۆڤارەکەتان چیرۆکێکی لەوشێوەیەبڵاوکردەوە،لەژێرناوی کێ تاوان بارەمن دەڵێم عەیبەوحەیاچون تاوان بارەئەوتێگانەتاوان بارن کەدەیانەوێت ئەوکێشانەبەشاراوەی بمێنێتەوەومرۆڤ هەتاسەربنێتەوەلەگەڵیاندابتلێتەوە،ئازارەکەی زۆرزۆرە..باس ناکرێت بۆیەلەسویدڕێوشوێنی یاسای زۆرتونددەگرێتەبەربۆکە م کردنەوەی ئەم دیاردەنامرۆییە.بەڵام لەبیریشمان نەچێت کەخوشک وبراکانی ئادەم وحەوامرۆڤایەتیان دروست کرد ،لەهەمان کاتدائەمەناکرێت بکرێتەپاساوی ئەم جۆرەڕەفتارە.

- پێت وایەکێشەی سێکسی کارلەجیابونەوەی دووهاوسەربکات ؟

برایینە - بەداخەولەسەرئاستی کوردستان تۆێژینەوەتوێژەرمان لەوبوارەدانی یە،تابزانین ،تاچەندسێکس ڕۆڵ دەبینێت لەکێشەی خێزان،کێشەی کۆمەڵ،ئەگەرچی هەموولایەک کاربۆشاردنەوەی ڕاستیەکان دەکەن ،بەڵام لەسەرئاستی خۆرئاوادەرکەوتوەکەکێشەی سێکسی کاردانەوەیەکی خراپی هەیەلەسەرڕەوشی ژیانی دووهاوسەر،جدووپێکەوەژیاوجائەودوومرۆڤەکوردبن یان سەربەکۆمەڵگاخۆرئاوایەکەبن،نەگونجان لەسێکسدا جیابونەوەی لێدەبێتەوەبناغەی ئەوهاوسەرایەتیەلەسەر چی دروست بوەوەپلەی هەست مرۆڤایەتی ،ڕاستگۆی ،خۆشەویستی ،ڕۆشنبیری کاردەکاتەسەرچارەسەرکردن نەک جیابونەوە. پێچەوانەی ئەمەدەبێتەهۆی مردنی ئارەزوەسێکسیەکان ولاوازبوونوپۆکانی پەیوەندیەکە..

- پێت وایەڕۆژێک لەڕۆژان نەخۆشخانەی چارەسەری کێشەسێکسیەکان هەبێت وعیادەی دکتۆرەسێکسیەکانیش لەپاڵ بوارەکانی تری چارەسەرکاربکەن؟

برایینە - سێکسۆلۆژی وەک گوتم تازەبەتازەوەک زانست دەناسرێت ئەوروپاو ئەمریکا،کەنەدالەپێشەنگی کارکردنن لەوپێناوەلەسەرئاستی سویدیش تازەخەریکن بڕوانامەی دکتۆری،وەک پزیشکی چارەسەر ببەخشن بەتوێژەرانی ئەوبوارە..

ــ ئەمڕۆکەلەجیهانی شەش ملیار مرۆڤ ،خاوەنی بازاڕێکەبەناوی بازاری سێکس ئایازانست شەرعیەت دەدات بەهەبوونی ئەوبازاڕە ،چۆن ؟

برایینە گەرمەبەستت لەبازاڕی سێکس تەنهافیلم سازی سێکسی بێت ئەوەشتێکی ترە؟

مێژووی کۆنی مرۆڤایەتی لەهەگبەکەیداگەلێک تابلۆونەخشەکێش وهونەری بەرزی ڕوت بونی بۆبەجێهێشتوین بڕوانەشوێنەواری بەچێماوی شارستانیەتەیەکەمەکانی دەرکەوتوی سەرگۆی زەوی

هەرلەهیندیتەوەهەرلەچینیتەوەتادەگاتەئاشوری وهونەری پەیکەرتاشی کۆنی گرێک لاندیوکۆنە ئیمپراتۆریەتی رۆمانی ....مەبەستم ئەمانەبەشێک بوون لەشارستانیەت !
ئەمەبەشێکی وەڵامەکەیە بەشەکەی تریشی ئیستادەگەینەسەرباسی شوێنەوارەبەجێماوەکانی رابردوو.رووت بونەوەی مێنەونێرینەئەوەدەگەێنێت کەهونەربوە.بەڵام ئەمرۆکەئەوهونەرەلەپێناوخڕ بونەوەی سەرمایەبەکاردێت ئەوەشتێکی ترەومن ناتوانم بلێم هونەرەدەچێتەقاڵبێکی تر
ئەوقاڵبەچیە؟
بەرلەوەی کەبلێم ئەوقاڵبەچیەپێویستەئەوەبلێم کەکۆنترین پێشەکەمرۆڤایەتی زانیێتی پێشەی سێکسی بەکرێ بوە
سێکس بەکرێ پرسیارێکی ترمانە؟ دەزانم لێرەدەمەوێت ئەوەبلێم کەئەوەی ئەمرۆکەبەلەش فرۆشتن ناودەبرێت لەکۆنداپیشەبوەبگرلەریزی پێشەوەی پیشەکان بوە کەمرۆڤایەتی پێی ئاشنابوە؟
پێم سەیرەکەسێکس یەکەم پیشەی مرۆڤایەتی بێت من وام دەزانی کەکۆنترین پیشەبازرگانی بێت بەکاڵاووکەلوپەل .
...بەڵێ راستەبازرگانی کردن بەکاڵاسێکسیش لەگەڵ مێینە بازرگانی بوە.زاراوەزانستیەکەشی ئەمەیەprostitution لەبازاری کۆنی وەک عوکازبلێن یان شوێنی ئالوگۆڕ کردنی کاڵائافرەت هاتوەبۆبەکرێدانی لەشی خۆی بۆبازرگانەگەورەکان .ئێستاش هەربەهەمان شێوەلەدوای کارێکی زۆر بەسێکسێکی گەرم شەودەبرێت بەسەر.هەمووبازرگانیەکیش گەشەدەکات رۆژبەرۆژخەم خۆرانی ئەوبازرگانییەلەهێنانەوەی بیری نوێن بۆپێشکەوتنی بازرگانیەکەیان تا ئەمرۆمان ..
.بەشێکی پرسیارەکەم هەر بێ وەڵام مایەوە!
کام ؟
فیلمی سێکس وکەرەستەکانی تری بەرهەم هێنراولەلایەن کۆمپانیاگەورەکانی سێکس کەبەکەرەستەوکاڵای سێکس ناودەبرێن ؟
براینە-ئامێری دەستکردودروستکراوبۆسێکس کردن کەئەمرۆکەزۆرباویەتی لەخۆرئاواقازانج وزیانی خۆشی هەیە
قازانجەکەی ئەوەیەکەلەروی دەرونیەوەباشەبۆئەومرۆڤانەی کەنەتوان لەرێگەی جوت بوون سێکس بکەن بەکارهێنانی ئەوئامێرانەلەهیچ باشترە..زیانەکەشی ئەوەیەکەئەوئامێرانەگەرهاتوجێگەی مرۆڤیان گرتەوە. سێکس ومرۆڤایەتی توشی قەیرانێکی نوێ دەبێت ...
قەدسەردانی کۆگایەکی سێکس فرۆشت کردوە؟ بێگومان یەکێک لەداواکاریەکانی خوێندنم لەزانکۆ پشکنین وبەدواداچون بوبەدوای ئەم پرسیارانەی کەتۆئێستالەمنی دەکەیت باسەکەم سەردانی چاروولاتی خۆرئاوای تیابوکەسەردانی کۆگاکانیانم کردوسەرنجەکانیان لەباسەکەم داپێشکەش بەزانکۆ کرد.
ئەتوانین کورتەکەی بزانین؟ ، بەڵێ
لەهەرچواروولاتەکەی کەگەرام درئەنجامێکی زۆرسەیرم بەدەست کەوت ...چی بوو؟ !
هەندێکیانت پێدەڵێم
*گەربیانیەک بێت وسەردانی کۆگایەکی کاڵای سێکسی بکات زیاتر بۆسەیر کردن دێت نەک بۆشت کرێن ...*مەبەستت لەبیانی ئێمەومانانە* ..؟بەڵێ زۆربەشیان توخمی نێرینەن.هاموشۆکەرانی کۆگاکانی سیکس لەوولاتانی رۆژهەلاتەوەهاتون
* کەمەمێنەکانیش بەتەلەفون پرسیاردەکەن .نەک بەسەردانی کۆگاکان .واتەلەرێگەی تەلەفون وکەتەلۆک زانیارییەکان وەردەگرن
* زۆرترین فلیمیش کەدەفرۆشرێت ئەوفلیمانەیەکەکچی جوانی تیایە....بەم پێیەش

دەگەینەرئەوئەنجامەی کەبڵێن فیلم سازی پەیوەندی بەمەسەلەویژدانیەکانی مرۆڤەوەهەیە،ناکرێت ئەم شتەپشت گوێ بخەین ....فیلمی سێکس گەرنەبێتەخو ئەواسودی هەیە لەم بارەیەوە ئەنیشتاین دەڵێت فەنتاسیاباشترەلەزانست..چونکەفەنتاسیائەگەرئازاردانی دەرونی مرۆڤی لێنەبێتەوە...ئەوادەبێتەهۆی پێشخستنی مرۆڤ...

ـ بۆکام مرۆڤ ؟

بۆ ئەونێرومێیانەی کەبۆیەکەم جاریانەکردەوەیەکی سێکسی ببینن لەژیانیاندا..هاورێ گەنج هەبوەلەلای خۆمان ...تەمەنی پترلەسیوپێنج ساڵەهیچ مێنەیەکی نەدیوە،فیلمی سێکس ئەوکورتەزانیاریانەی پێشکەش دەکات ..بەتایبەت لەکۆمەڵگایەکی دواکەوتویان ڕاسترقەدەغەکراو،بەڵام ئەوەش بزانەکەهەتاقەدەغەبکرێت بازاڕی ڕەش گەورەترومەزنتردەبێت وبەچکەسەمایەداری مەزنتری لێ دەبیتەوە  پاشان کەرەستەوبازاڕی سێکس پەیوەندیان بەژیانی دیمۆکراتیەوەهەیە....من لەیەکێک لەباسەئامادەکراوەکانم بۆزانکۆ لەپرسیار سودی فیلم لای کۆمەڵگارۆژهەلاتی وئاسیاویەکان گەیشتمەئەوئەنجامەی کەزۆربەی زانینوهۆشیاری سێکسیان لەگۆڤارەسێکسی وفیلمەکانەوەبۆماوەتەوە

من دەڵێم پەیوەندی بەتێگەیشتنەوەهەیە.... تێگەیشتن بەشێکەلە چەمکی دیموکراتیەت

باشەهەربۆئەومرۆڤانە؟

نا.. ..بۆزۆرمرۆڤی تر وەک ؟کەم ئەندامەکان ،پیروبەسڵاچوەکان ،پاشان لەبیرت نەچێت ئەمرۆکەلەبازاڕیت سێکس وفلیم داجوانی ڕۆڵێکی باڵای سەرنج ڕاکێش دەبینێت زۆربەی فیلمەکان ئافرەتی جوانی تیا بەکارهاتوە.لەسەرباسی بەکارهێنانی ئافرەت وەک کەرەستەیەک بۆ لەزەت بینین ڕات چیەلەسەر ئەم پرسیارەم ؟

ـ هەندێک لەپارتی سیاسی فیلمی سێکس وبابەتی ڕوت بونەوەی ئافرەتیان بەکارهێناوەبۆ تاقیکردنەوی ئاستی بەرەنگاری کادیرەکانیان بۆسێکس..؟ تۆدەڵێت چی بۆ ئەم دیاردەیە

براینە ـ گەورەترین ئازاردانی دەرونییەمن بەتاوانی دەزانم وپێویستەهەرکەسێک یان هەرلایەنێک ئەوەی کردبێت بۆرێکخستنی کادیرەکانی سزای یاسیی بەسەردابسەپێنرێت،چونکەسێکس شتێک نییەخەڵکی پێ تاقی بکەیتەوە،تۆدەتوانیت بێ خواردن بژیت ،بێگومان نا،ناشتوانیت بێ سێکس بژیت ،ئیتر،چ پێویست دەکات سێکس بکەیتەئامرازبۆگەیشتن بەبابەتی پوچ.

ـ کوردو سێکس  چی لەبارەیەوەدەڵێت ؟

براینە ـ قۆناغی پێش دەرکەوتنی ئاینەکان لەکوردستاندابەهەگبەی زێرێنی ڕێزگرتن لەمێنەوئارەزوەکانی ولەوێشەوەبۆسێکس دەزانم ....چۆن لەئەنجامی بەداوداچون بۆم دەرکەوتوەکەکوردستان بەرلەبڵاوبونەوەی باوەڕی ئاسمانی ڕێزیان زیاترلەسێکس گرتوەلەوپێناوەشداهەندیک بەڵگەوشوێنەوارماوەبەڵام هەستی پێناکەین لەوانەدیاردەی ڕەدوکەوتن هەتائێستاس لەنێوهەندێک لەکوێرەدێ هەندێک لەعەشرەت لەهەندێک ناوچە،بەچاوێکی بەرزتەماشەدەکرێت وبەعەیبەی نازانن بگرەلەهەندێکی ئافرەت گەرڕەدونەکەوێت بەئافرەتی نازانن هەروەهاجۆرێک لەیەکسانی هەبوەلەنێوان ژن وپیاولەکارلەماف بڕوانەشعری قانع کەدەڵێت ژینی لادی سەیرانەگەرچی تۆزێک گرانە... فەرقی نیەنێرومێ هەرچی دانیشتوەلەدێ ..هتد

گۆرانی کوردیش کەهەڵقولاوی هەستەکانی کۆمەڵگایەباس لەسێکسێکی تەواودەکات سنگ مەمک ،بەژن وبالا،ماچی سەرلێو،چاو،ڕوموت،هەمووی غەزەلێکەکەم کۆمەڵگاهەیبوە،کوردلەڕیزی پێشەوە بوەلەوەش زیاتر جلبەرگوپۆشاکی کوردەواری ژنانەبەتایبەت یەکێکەلەهەرەسێکسی ترین جلوبەرگی جیهان ئەگەر بەهەڵەدا نەچوبێتم....ئەوشێوازەلەجلوبەرگدازۆرلەڕوتبونەوەیەکی ئەوروپایی جوانتروکاریگەرترە. لەئێستای قۆناغی پاش ئازادی ودەرکەوتنی هۆکانی نوێی پەیوەندی لەسایەیی گلۆباڵیزم کوردقۆناغێکی تری گەشەسەندن لەهەوڵ دان بۆتێگەیشتن لەمەڕسێکس دەنێت ...تۆئەزانیت ئیستالەکوردستاندالەکافێ نێتەکان ئەوەندەی

ماڵپەڕەسێکسیەکان دەکرێتەوەهێندەماڵپەڕەکانی ترناکرێتەوە،خەڵک تینوە،گرنگ ئەوەیە،ئەوتینوییە ،بەشێوەیەکی راست وئاڕاستەکراو،تێربکرێت.

- کتێبی شێخ ڕەزام بینی لەکتێبخانەکەت ئایاتۆ لەخوێنەرانی شعرەهەجوەکانی شێخیت ؟

براینە - دیوانەکەی شێخ ڕەزازۆربەپەرپوتیەوەگەیشت بەدەستم . هەرلەمەشدانییەپەڕپوتوکەم تەرخەمین .من هەجوناخوێنمەوە من زانستی بەرزی شێخ رەزادەخوێنمەوە...زانست ؟ بەڵێ ئەوزانستەی کەگەرکوێرەوەری وڕەشبەختی کوردنەبوایە...فرۆید کەلەپاش شێخ رەزاهاتوەدەیتوانی سودلەتیۆرەکانی شێخ ببینێت بەڵام دەڵێت چی ..دەتوانین ئێستاش شێخ ڕەزاوەک سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی سێکس،سودلێببینین ...

- ببوەرهاوڕێ من کەلەزانکۆ بووم مامۆستاکانم ئەوەیان فێرکردم کەشێخ ڕەزاکەلێنی هەرەگەورەی شعری هەجوی پڕ کردۆتەوە...تۆش دەیکەیتەپاڵەوانی زانستی سێکس دەتوانیت باشتر حاڵیم کەیت ؟

براینە - شعردەربڕینی دەرونە ،ئەودەرونەش هەڵقولاوی کۆمەڵێک گرفتارودەردەسەری وکێشەی کۆمەلایەتی ،سیاسی،ئابوری ..هتد واتەئەم شتانەی شێخ لەگیرفانیەوەنەیهێناون زۆری ئەم پرسیارانەت لەلای شێخ ڕەزادەست دەکەوێت بۆ منێکی باسکاریش لەوبوارەسودم زۆرلێبینیوە.ئەگەرگەشتێکی ناسک وهێواش وزانستانەبەخشتەی مرواریدابکەین ،{بەرێزمامۆستاعەلادین سوجادی گیانی شادبێت لەگەڵ مامۆستاشێخ ڕەزای تالابانی } زۆرڕاستی زانستی سێکسمان لەکەلتوری کوردی بۆدەردەکەوێت.لەهەموبوارەکانی پەیوەست بەزانستی سێکسەوە.کەبەداخەوەئەمڕۆپشت گوێ خراون .

-- ڤیاگرابۆپیاوان نەک بۆژنان،ئایاڤیاگراتواناسێکسیەکانمان بەهێزدەکات؟

براینە- ئەگەرڤیاگرازوبانی گۆی هەبوایەدەهاتەقسەودەیگوت ئێوەبەهەڵەمن تێگەیشتون منیش مەکەن بەمەسەلەی ئاین ....چۆن ڤیاگرابۆئەوپیاوانەیەکەلەئەنجامی نەخۆشی یان کارەسات توشی سستی دەبن لەڕەپ بووندا impotent ڤیاگراهەڵدەستێت بەیارمەتی دانی مێشک بۆفرمان دان لەڕێگەی ڕشتنی هۆرمۆنوبابەتی کیمیاوی تاخوێن برژێتەکۆئەندامی نێرینە،بەلام لەهەمووی گرنگ ترئەوەیەکەڤیاگراکارناکات بەبێ بزواندنیهێزەسێکسییەکان ،شوێنەهەستیارەکان جاری واهەیەدەڤیاگرابخۆیت بەبێ بزواندن هیچ کارێک ناکات ،ئەمەیەتێنەگەیشتن لەڤیاگرا....کەبەداخەوەهێشتاجێگەی خۆی نەگرتۆتەوەلەناوکۆمەڵ مەرجیش نیەهەموبەکارهێنێک بۆڤیاگراسودی لێببینێت ،وەک هەردەرمانێکی ترنەخۆش هەیەتوانای وەرگرتنی بۆی نییە.ئێستازانستی دەرمان زانی بۆی دەرکەوتوەکەڤیاگرادەبێتەهۆی کوێربوون.ئەم ڕاستیەلەلایەن هەندێک زانای ئەمەریکایی دەرکەوتوە.

زاناکانی پزیشکی گشتیان بەهاوکاری دەرمان سازەکان دەیانەوێت دەرمانێک بدۆزنەوەکەببێتەهۆی زیادکردنی هەستی سێکسی لەلای مێینە.

- سێکس دەکرێت وەک دەسەلات بەکاربێت؟ڕونترڕاستەگەربلێن بەهێزی سێکس ،دەتوانین شت بکەین ،ئایاسێکس پەیوەندی هەیەبەسیاسەتەوە؟

براینە- بەڵێ بەلام لێرە دەبێت بۆخوینەرانی شیکەینەوەکەئەم دەسەلات دارییە،نابێت لەژێرناوی سێکس ناوازەبکرێت،بەڵکو دەبێت بەدەدەست درێژی ناوی بنێن . هەرچەندە ئەندامەکانی سێکس بەشدارن لەئەنجام دانی کارەکە .ئەم پرسیارەیەکێکەلەهەرەپرسیارەگرنگەکانی ئەم دوسێ جاردانیشتنەمان،سێکس پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی هەیەبەدەسەلات فەرمانڕەواییەوە.ئەگەربتەوێت کۆمەڵگایەک تێک بدەیت ،خۆشەویستی تێک بدە،خێزان بشێوێنە،گەنج ،وپەیوەندی نێوان مێو نێر تێک بدەتیایدا .جیابونەوەبکەبەئامانج.

،هەرلەکۆنەوەدەسەلات شوێنەواری باش وخراپی لەسەرسیکس بەجێ هێشتوە،بڕوانەکیلۆپاترا،هۆلاکۆ،ناپلیۆن،...چەندەهاڕوداوی گەورە یترلەمێژودا....هەست بەهەبوونی هێزی خۆشەویستی دەکەیت ،من لەئەنجامی کارکردنم لەوبوارەگەلێک شتم بۆدەرکەوتوەکەتیایداڕاشکوانەدەیڵێم سێکس هۆی زۆرشتەبۆنمونە،زیندانی کردنی ژنی کوردی لەزیندانەبەدناوەکانی بەعس بوەهۆی کاولکاری

زۆرێک لەمالان، بەعس توانی بەزەبری هێزی دەستدرێژی کۆمەڵێک شتی خراپ بەخەڵک بکات ،خۆت ئەزانیت مەسەلەی شەرەف لەکۆمەڵی ئێمەبمانەوێت یان ناشتێکی جێگیرەوقابلی گۆران نییەوپێویستەرێزی لێبگرین‌لەراپەرینی 1991 وە
دوای روخاندنی سەدام پتر لەبیست تەن دیکۆمێنت بەدەست کەوتوەکەتیایدا،،ئاشکرادەکات کەزۆرلەوجاسوسانەی سەدام چۆن کچی بەشەرەفی کوردیان بۆدەزگاناپلۆسێنەرەکانی ئەمن بردەوەتالەرێگەیەوەبتوانن زانیاری بەدەست بهێن لەسەرتێکۆشەران و گەل.
لەکۆتایی ساڵی 2003 داکۆمەڵێک جاسوسی سەدام کەپەناهەندەن لەئەوروپاد،ئاشکرابوون لەئەنجامی ئەودیکۆمێنتانەی کەبەدەست کەوتونگەورەترین تۆرێ سیخوری لەسویدیێ ئاشکراکراکەسەربەرژێمی رەفتارفاشست وبۆگەنەکەبوون،ئەورژێمەی کەدەیویست دەستدرێژی بکاتەئامرازێک بۆبەهێزکردنی دەسەلاتی شۆڤێنیەکەی هەردەست درێژییەدەتوانێت بەکاربهێنرێت بۆگەیشتن بەمەرامی خراپ ،بۆنمونەدەست درێژی باشترین ئامرازی گەیشتنەبەزانیاری باتایبەت ئەوزانیاریانەی کەرەنگەلەبۆنەیەکی ئاسایدانەتوانرێت بەدەست بکەوێت.....
خۆی لەرستیشدابەتەنهادەسەلات رۆڵ نابینێت لەئەنجام دانی ئەوتاوانەگەر بەهێزی پیاوخراپ وکەسانی درندەی ناوکۆمەڵ پشتگیری نەکرێت.لای من سێ تاوان بەراستی ئەزانم دادگایی لەسەربێ نیستیمان وگەل فرۆشتن ،تێکدانی پەیوەندی دووخۆشەویست ،ئازاروئەشکەنجەدانی منداڵ .

**ناساندنێکی خێرا**

براینەکادیر: توێژەرلەزانستی سێکسۆلۆگی  وباسکارلەکاروباروکێشەی دەرونی وکۆمەڵایەتی هەندەرانی{بیانی} .
تەمەن   :  چل وپێنج ساڵ لەدایک بوی  .01.09.1960 سلێمانی گەرەکی مەڵکەندی
خێزان : جیابولەخێزان وبەتەنیادەژیت
ژوان : شاری میۆنداڵ ـ سوید،دانیشتولەخانوی بەکرێ
بڕوانامەکان: بەکالۆریۆس لەزانستی مرۆڤایەتی ئەنترۆپۆلۆژی
بەکەلۆریۆس بێگانەزانیی،بەشی کۆمەڵگازانی
بەکەلۆریۆس لەسێکسۆلۆگی ،بەشی دەرون زانی
کاری داهاتو : خۆئامادەکردن بۆخوێندن‌لەخوێندنی باڵا لەیەکەم دەستەی خوێندکارانی سێکسۆلۆگی دالەسویدا
هۆکانی پەیوەندی وپرسیاروسەرنجلەرێگەی ئیمایلی تایبەت

www.braina@bredband.net

## کۆمەڵێک پرسیاروەڵامی کورت لەدەمەتەقێکی بەرلەکۆتایومالئاوای

کێ دەچێتەبەهەشت ؟
یەکەم مرۆڤی راستگۆ ،دووەم ئەومرۆڤەی کەلەباوەشی ژنێکی بیرهۆشیاررۆژ دەکاتەوە، سێهەم ئەوەی لەسەرناهەقی دەنگ بکات ،چوارەموکۆتای ،ئەوەی کە دڵ نارەنجێنێ ناشکێنێ
گوڵ ؟
کلیلێکەدەرگای تورەبونی ژنی پێ دادەخەیت ،سەرپۆشی سەرماچەکەشی لادەدەیت .
بۆن ؟
بزواندنی هۆرمۆنەکانەبۆئارام کردنەوەی دەرون،نەزانی بەکارهێنانی کاتوجۆری بۆن ماڵکاولی بەدواوەیە!؟
سێکسی بەکرێ ؟
دژی نیم بەمەرجێک بەئارەزوی هەردولاکرابێت و،دەلالی تیانەکەوتبێت !!!
شەرەف ؟
هەم گولێشەوهەم درک .

خەتەنەی مێینە؟

گەورەترین تاوانە هەستێکی زۆرمەزنەلەمێینە زەوت دەکرێت .توشی ئازارێکی دەرونی زۆرخراپی دەکات.

خەتەنەی نێرینە؟

نەکردنی باشترە.تەنهالەوکاتانەبەڕاستی دەزانم کەرێنمای پزیشکی هەبێت لەکردنی داواتەهۆیەک هەبێت بۆکردنی .وەکی ترهەمووی پەیوەندی هەیەبەداب ونەریت وباوەڕ

لەپیاوەتی کەوتن ؟

بەومانایەنا.کەپیاوپیاوە.بەڵکووەک نەخۆشیەک کەدەکرێت چارەسەربکرێت.

خۆشەویستی ؟

ووشەکی زۆرگران .ووشەیەکی زۆرهەڵگرەیەکێک لەماناکانی سێکس و بەرژەوەندی هاوبەش .یان فرمێسک وگریان .مەسلەحەتی هاوبەش ...

ڕاسپۆتین ؟

مێشکێکی پڕ لەئازایەت یئەوپیاوەی کەسێکسی کردبەهێزودەسەڵات لەپاڵ ئایندابەکاری هێنا.

کامەران ـ هیچ پرسیارێک ماوەلێم نەکردبێتی ؟

براینە......هیچمان باس نەکردوە.تەنها,تۆوەڵامێکمان چاندوە.

کامەران ...پەیامەکەت گەیشت ..ئەگەر بتەوێت ئەم بابەتەبەیەکێک پێشکەش بکەیت بەکێی دەبەخشیت؟

براینە.... بەومرۆڤەی کەدەیەوێت شتێک لەسەرسێکس بزانێت..!!!

سوپاس

کامەران پەری

---

پەراوێز

ئافتۆن بلادێت :یۆتۆبۆری پۆستن .دوورۆژنامەی هەمەلایەنی رۆژانەی سویدن ورۆژانەپترلەشەش سەدهەزار خوێنەردەیان خوێنێت.نرخی رۆژنامەکە بۆیەک رۆژ یەک دۆلارە.

نامەی منالٌ بۆخوا : کتێب بۆمنداڵان : کۆکردنەوەی ستیوارت هامپێلم .ئێریک مارشاڵ .وەرگێرانی ئازاد بەرزنجی لەچاپکراوەکانی دەزگای سەردەم .سوزان یەکێکەلەومنداڵانەی کەبەوشێوەیەی سەرەوەپرسیارلەخوادەکات.